

www.kurdistannet.org
14/03/2002 00:11

# بیرەوەری مەرگی کارل مارکس
# و
# بیروباوەری شۆرشگێری مارکس

**ئازاد ئارمان**
azadarman@hotmail.com

سەدو نۆزدە ساڵ لە مەوبەر لە ١٤ی ئازاری ساڵی ١٨٨٣ کارل مارکس یەکێك لە هەلکەوتووترین رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی جیهان و هەروەها دامەزرێنەری سۆسیالیزمی زانستی بۆ هەتا هەتایە گیانی لە دەست دا. ئەو ئینسانەی سەدەیەك زیاترە کۆچی دوایی کردووە، بەلاّم لە هەلبژاردنێکی ئەنتەرنێتی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بە بەناوبانگترین کەسایەتی هەزاری سێیەم دەردەچێت.

کارل مارکس لە پێنجی ئایاری ساڵی ١٨١٨ لە شاری "تریر" لە پروسیا لە دایك بووە. باوکی مارکس پارێزەر بووەو لە جولەکەییەوە بوەتە پروتستانتی، دایکیشی هەروا بووە. ژیانی خێزانیشی خۆشو بە شێوازێکی لیبرالی پەروەردە بووە. مارکس لە ساڵی ١٨٣٠ خراوەتە دواناوەندی کە بە قۆناغێکی تازە دادەنرێت لە ژیانیدا، هەروەها لە ساڵی ١٨٣٥دا لە کۆلیژی یاسا قەبوول کراوەو دواتریش لە ساڵی ١٨٤١ دا خوێندنی دکتۆرای تەواو کردووە. مارکس پێش ئەوەی بە فەیلەسوفێکی مەزن یان بە ئابووری زانێکی دیار دا بنرێت، (کە ئەمانە هەمووی بووە)، بەر لە هەموو ئەمانەش مارکس تێکۆشەرێکی شۆرشگێر بووە و هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە لە پێناوی رزگاری چینی کرێکاری جیهان. جیاوازی بنەرەتی بیری مارکس لە گەل باقی فەیلەسوف و سیاسەتمەدارو ئابووری زانەکانی تر ئەوە بووە ئەوانی تر تەنها شی کردنەوەی دنیا یان لە ئەستۆ گرتووە، بەلاّم مارکس هەم لێکدانەوەی دونیای کردووو هەم تیوری گۆرینی کۆمەلگای سەرمایەداری دەست نیشان کردووە، کە ئەمەش بە رۆشنترین شێوە لە گەل ئەنگلسی هاورێ ی لە مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٨٤٨ دا بەیانیان کردووە.

هەروەها لەکاتێك دا یادی مەرگی مارکس دەکەینەوە پێداگرتن لە سەر بنەما بنچینەیی یەکانی بیری مارکس کارێکی زەروورو پێویستەو ئەبێ سۆسیالیستەکان وەکو پرەنسیپێك پەیرەوەی لێ بکەینو لە شێواندن بیپارێزین. بەلاّم لە هەمان کاتیشدا نابێ وەکو دۆگم سەیری بیری مارکس بکرێو بپەرسترێ، ئەمە پێچەوانەی گیانی زیندووی مارکسیزمە. پێداگرتنی مارکس لە سەر دەورو نەخشی چینی کرێکار، وەکو چینێکی شۆرشگێرو گۆرهەلکەنی چینی سەرمایەدارو تەنها چینە قازانجی لە نەمانی "مولکداریەتی تایبەتی"دایە بە کورتی بۆ نەمانی چەوسانەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، هەروەها تەئکید کردنی مارکس لە سەر خەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لە بەرامبەر نێونەتەوەیی بوونی چینی بۆرژوازی، کورت کردنەوەی ئەم ئامانجەی مارکس لە ژێر دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن"، هەروەها تەئکید کردنی مارکس لە سەر پێویستی و زەرووەتی "حیزبی کۆمۆنیست" کە ئەم بیرەشی لە دوای ئەزموونی شکستی کۆمۆنەی پاریس بوو وای لە

مـاركس كرد زياتر پێی له سەر دابگرێت. یەكێكی تر لە بنەما بنەرەتی یەكانی بیری ماركس ئەوەبوو ئەبێ چینی كرێكار بۆ رزگاربوونی لـه ژێردەستی چینی سەرمایەدار، ئەبێ له بیری گرتنه دەستی دەسەلاتی سیاسی خۆی دا بێت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش یانی هێنانه خوارەوەی بۆرژوازی لـه دەسـەلات، پێویسته چینیی كرێكارله خوارەوەوە خۆی رێكخراو بكـات لـه كارگەو كارخانەكانەوە بگره هەتا گەرەكەكانو تەواوی ولآت، هەروەكو مـاركس خۆی دەڵـێت" رزگاری چینی كرێكار، بەنده بە خودی چینیی كرێكار خۆیەوە"ماركس ئەم قسەیەی ئەم كاته كـرد، كاتـێ "بلانكی یەكان" بانگێشەی ئەوەیان دەكرد بە گروپێك بەبێ چینی كرێكار دەتوانن رزگاری بۆ چینی كـرێكار بـه دەسـت بێـنن و سۆسـیالیزم بنـیات بنـێن. كـه ئەمـەش بـۆ خـۆی له كردەوەدا جگه له خەون و خەیالاتی وورده بۆرژوازی هیچی تر نی یه.

كاتـێ مـاركس باسه تیوری یەكانی خۆی نووسیی له ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم ئەو كات سەرمایەداری تەنیا له بەشـێك لـه ئـەوروها خەریكـی گەشـەی خـۆی بـوو، چـینی كـرێكاریش لـەوێ دەبینرا. بەلآم ئەمرو سەرمایەداری گەیشـتۆته هەر پێنج قارەی دونیاو هیچ شارو گوندێك نەماوە سەرمایەداری دەستی پێ رانەگەیشتبێ، ئەمرو چ له رووی چـەندایەتی یـەوە چ لـه رووی چۆنایەتی یـەوە دەورو نەخشـی چینی كرێكار پێوانه ناكرێ بەو دەورانەی كه ماركسـی تیا ژیاوە. له لایەكی ترەوە ماركس كەمترین ئەزموونەكانی خەباتی چیتایه تی بینی له ژیانی دا، تەنها شۆرشـێك لـه دەورانـی ژیانـی ماركس رووی دابێت كۆمۆنەی پاریس بوو، هەموو شۆرشو راپەرینەكانی تر دوای مەرگـی ماركس بوون، بە تایبەتی دەورو جێگای گرنگی شۆرشی ئۆكتۆبەر له سالّی ١٩١٧ ی رووسیا، شۆرشی ئەلمانیای سالّی ١٩١٨-١٩٢٣، شۆرشی ئسپانیای سالّی ١٩٣٦. . هتد.

هـەروەها ماركس له دەورانێك ژیاوەو خەباتی كردووە، كه سیستەمی سەرمایەداری تازه وەكو چینێك له چەندین ولات دەسـەلاتی بـه دەسـتەوەگرتبوو، هێشـتا ئـەم هەمـوو درندەیی و شەرو قەسابی یەی بە سەر مرۆڤایەتی یەوە نەهێـنابوو، بـەلام دوای ١١٩ سالّ تێپەرین بە سەر مەرگی ماركس و ئەمرۆ مێژووی سەرمایەداری لێواو لێو پره لـه جـنایەتو درندەیـیو كوشتو كوشتاری ئینسانەكان. شەری یەكەمو دووهەمی جیهانی له سەدەی بیستەم دا و چـەندین شـەری ناوچـەیی وەكـو شـەری خەلـیجو شـەری یوگسـلافیای پێشـوو و ئەفگانستانو. . . هتد. هەروەها نوێترینیشـیان شەری ئیمپریالیستی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی له ئەفگانستانو له داهاتووشدا له عێراقو ئێرانو كۆریای باكورو. . هتد.

سیسـتەمی سـەرمایەداری ئەمـرۆ گەیشـتۆته قۆناغـێك بـێجگه لـه شـەرو برسـیەتیو هەژاریو بێكاری ملیۆنیو بەربەریـەت هیچـی تـری لـه هەگبەدا نی یه. چاوگێرانێك به سەر كارو كردەوەكانی ئەم سیستەمه نیشانی دەدات چـەنده نـەك هـەر دژی ئینسـانه، بەلكـو دژی گـیانەوەرو سروشتیشـه. بـه تایبەتـیش دەوری درندەیـی دەولەتـه ئیمپریالیسـتەكانو رێكخـراوه نێودەولـەتـی یەكانـی وەكـو سـندوقی دراوی جیهانـیو بانكـی جیهانـیو ناوەندی بازرگانی جیهانی له سەرووی هەمووشیانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریكی.

تەنها دوو رێگا لە بەردەم مرۆڤایەتییە، یاخود ئەوەیە ئەبێ بەربەریەتی ئەم نیزامە قەبوول بکەین‌و بەربەریانە بژین یاخـود تێبکۆشـین، خـەبات بکـەین بۆ دونیایەکی باشتر بۆ سۆسیالیزم. کۆمـەڵگایی مرۆڤایەتی ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە دونیایەکی ترە، ئەم دونیایەش هەر ئەمرۆ ئیمکانی هەیەو مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی. لێـرەدا دەمـەوی نووسینەکەم بەم رەخنەیە لە رێکخراوەو کەسایەتی یە چەپەکانی کوردوستان کۆتای پێ بهێنم. لە سـەر نووسـینەکانی مـارکس‌و رابەرانی تری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. تاکو ئێستا کتێبخانەی کوردی بێ بەشە لە شـاکارە هەرە بەنرخەکانی. کاتی ئەوەیە لە پرۆژەیەکی هاوبەش بە هاوکاری یەکتر دەست بەرین بۆ ئەم کارە پیرۆزە. ئـێمە کۆمـەڵێك هەڵسووراوی سۆسیالیست لە سەرەتای دەست بە کار بوونی ئەم پرۆژەیەین، چاوەروانی دڵسۆزانی ئەم رێگایەین.